# شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی مامۆستایانەوە لە شاری سلێمانی

((توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر ))


2 شاکار ناظم غفور ,1 پ.د. حسن فخرالدين خالد

,زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی - بەشی باخچەی منداڵان 1st

Hasan.khalid@univsul.edu.iq

زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی - بەشی باخچەی منداڵان 2nd

shakar.nadhm@gmail.com



## پوختەی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە زانینی ئاستی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی مامۆستایانەوە لە شاری سلێمانی بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە (حکومی ، ناحکومی)و بەپێی گۆڕاوی شۆینی جوغرافی پەروەردە (ڕۆژهەڵات ، ڕۆژئاوا)، توێژەر(میتۆدی وەسفی)بەکارهێناوە،کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم مامۆستایانی باخچە حکومی و ناحکومییەکانی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ کە بەردەوامن لەکارکردن و ژمارەیان (١٤٠٨) مامۆستایە، (١٥٦) مامۆستا لەڕەگەزی نێر و (١٢٥٢) مامۆستا لەڕەگەزی مێ، نموونەی توێژینەوەکە (٤١٢) مامۆستای لەهەردوو ڕەگەز(نێر ومێ)، بە شێوەی هەڕەمەکی سادەیە هەڵبژێردران، ئەو ئامرازەی بەکارهاتووە، بریتییە لە پێوەری (شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی) کە پێک هاتبوولە (٣٦)برگە, توێژەر بۆ شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە پشتی بەست بەبەرنامەی ئاماری (SPSS), لە ئەنجامدا دەرکەوت:

١ .شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی مامۆستایانەوە لە شاری سلێمانی لە ئاستێکی بەرزدایە.

٢. بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە (حکومی ، ناحکومی) جیاوازییەکە لەبەرژەوەندی باخچەی حکومییە.

٣. نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی شۆینی جوغرافی پەروەردە (ڕۆژهەڵات ، ڕۆژئاوا).



**کلیلە وشە:** شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی ، باخچەی منداڵان، منداڵی باخچە، پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی


## پێشەکی:

پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لەنێو منداڵاندا لە سەردەمی ئێستادا تووشی چەندین شڵەژان و ئاڵۆزی بووە کە کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی منداڵان دروست کردووە. گەشەکردنی خێرای تەکنەلۆژیا و سۆشیال میدیا دۆخێکی دروست کردووە کە تێیدا منداڵان زیاتر لە پەیوەندی ڕەمزی و ڕەقەمی نزیکن تا پەیوەندی ڕاستەقینە و بەرەوڕوو لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان. ئەمەش وایکردووە کە لە منداڵاندا هونەری گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و توانای خوێندنەوەی زمانی جەستە و دەربڕینە هەستدارەکان لاواز بن. کێشەیەکی دیکەی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لەنێو منداڵاندا لە ئەمڕۆدا، نەبوونی کاتی پێویست بۆ پێکەوەبوونی بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی واتادارە. منداڵان زۆربەی کاتیان لەگەڵ مۆبایل و تابلێت و کۆمپیوتەردا بەسەر دەبەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دابڕان و دوورکەوتنەوەی هەستی و عاتیفی لە نێوان منداڵ و دایک و باوک، خوشک و براکانیان. ئەم دابڕانە هەستییە بەرە بەرە پەیوەندییە نزیکەکان لاواز دەکات و هەستی تەنیایی و بێبەشبوون لە منداڵاندا زیاد دەکات .

شڵەژانێکی دیکەی پەیوەندیکردن لە نێو منداڵاندا، دەرکەوتنی کەلێنی نەوەکان و فەرهەنگەکانە. جیاوازی بۆچوون و بەها و نورمە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان گەورەکان و منداڵاندا، زۆرجار دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندی و نەبوونی تێگەیشتن لە نێوانیاندا. هەروەها، لە سایەی جیهانگیریی و سۆشیال میدیادا، تێکەڵبوونی کەلتوورەکان و شێوازی پەیوەندیکردنی جیاواز، هەندێک جار سەرلێشێواوی و تێکنەگەیشتن دروست دەکات لە نێوان منداڵان و گەورەکاندا . نەبوونی هونەری گوێگرتنی چالاک و کاریگەر، یەکێکی دیکەیە لە کێشەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لە نێو منداڵاندا. زۆربەی منداڵان کاتێک گوێ لە هاوتەمەنەکانیان یان گەورەکان دەگرن، زیاتر بیر لە وەڵامدانەوە دەکەنەوە نەک تێگەیشتن لە قسەکان و هەستەکانی بەرامبەر.

ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی زنجیرەیەک لە تێکنەگەیشتن و هەڵەتێگەیشتن کە دەکرێت ببێتە هۆی شکستی پەیوەندییەکانیان .

بۆ چارەسەرکردنی ئەم شڵەژانانە، پێویستە گرنگی بە پەروەردەی پەیوەندیکردن بدرێت لە تەمەنی زوودا. فێرکردنی منداڵان بۆ چۆنیەتی دەربڕینی هەست و بۆچوونەکانیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و دروست، گوێگرتنی چالاک، و ڕێزگرتن لە بۆچوونی هاوتەمەنەکانیان، دەتوانێت بنەمایەکی پتەو بۆ پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی دروست بنیات بنێت. هەروەها، گرنگە خێزانەکان کاتی تایبەت دیاری بکەن بۆ پێکەوەبوونی بێ ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لەگەڵ منداڵەکانیان، بۆ ئەوەی پەیوەندیی ڕاستەقینە دروست بکەن و پەرە بە هونەری گفتوگۆ و لێتێگەیشتن بدەن . پەیوەندیکردنی دروست و کاریگەر، بنەمای سەرەکی گەشەی دروستی کۆمەڵایەتی و دەروونی منداڵانە. هەموو دایک و باوک و مامۆستایەک بەرپرسیارێتی لەسەر شانە بۆ باشترکردن و گەشەپێدانی ئەم توانایە لە منداڵاندا، چونکە لە کۆتاییدا ئەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن کە واتا و خۆشی دەبەخشن بە ژیانی منداڵان و دەبنە پاڵپشتی سەرەکی لە کاتە دژوارەکاندا .

توێژەر کێشەی توێژینەوەکەی بە چەند پرسیار بەر جەستە دەکات کە بریتین لە:ئایا شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لە منداڵاندا لە چ ئاستێک دایە؟ ئایا شڵەژانەکانی پەیوەندیکردن لە منداڵانی باخچە پەیوەندی هەیە بە جۆری باخچە (حکومی ونا حکومی)؟ وهەروەها شۆینی جوغرافی پەروەردە (ڕۆژهەڵات ، ڕۆژئاوا)؟ بەتایبەتی کەپێشترتوێژینەوەی هاوشێوە لەهەرێمی کوردستان وعێراق نەکراوە (بە پێ زانیارییەکانی توێژەر).

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان سیستەمێکە مرۆڤ لەمێژە ئاشنایەتی کاتێک پێویستی بەهەندێک ڕێگە و شێواز بوو بۆ کۆنترۆڵ و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ لە پێناو تێرکردن و پڕکردنەوەی پێداویستییەکان و پاراستنی جێگیریی و ئارامی کۆمەڵگە و بەردەوامبوونی. لای ڕەفتارییەکان ئاسایی بوون پەیوەستە بە فێربوونی خووی ڕاست و دروستەوە و دوورکەوتنەوە لە خووی نادروست، کە ئەمە بەپێی ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتیانە دەستنیشان دەکرێت، کە بڵاوە لە ژینگەی چواردەوری تاکدا و ڕواڵەتی کەسی ئاسایی لای ڕەفتارییەکان ئەوەیە، تاک لە هەموو هەڵوێستەکاندا ڕەفتاری گونجاو بنوێنێت بەپێی ئەوەی، ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیە دەستنیشانی کردووە، کە تاک تیایدا دەژی(محمد ، 2021: 45).

توێژنەوەکانی بواری دەروونزانی ئاماژە بەوە دەکەن، کە تاک بۆ ئەوەی بتوانێت بەرهەم هێن و داهێنەر بێت وبەردەوام بێت لە داهێنانەکانی پێویستی بەئەوەیە هاوسەنگی بەدیبهێنێت لەنێوان پشت بەخۆبەستن و سەربەخۆی لەگەڵ پەیوەست بوون و پشت بەستن بە ئەوانی دیکە، لەڕێگەی بەدیهێنانی ئەم داواکارییەوە تاکێکی داهێنەری خاوەن خودی سەربەخۆ بەرهەم دێت، بەهۆی بوونی سەربەخۆی و پاڵنەری سەربەخۆی دەبنە هۆی دروست بوون و چالاک کردنی هزری داهێنانی لای تاکەکانی کۆمەڵ و تاک دووردەخەنەوە لە شیکردنەوەی تەقلیدی و بۆچوونە باوە بڵاوەکان و دەبنە هۆی زیادکردنی متمانە بەخۆبوون لای تاک، کە ئەمە یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی پاڵنەری سەربەخۆی، کە وا لە تاک دەکات توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستە ناڕوون و نادیارەکانی هەبێت(ابراهیم ،2002 : 81).

گرنگی تیۆری:

1- ئەم توێژینەوەیە بەشدارییەکی گرنگ دەکات لە بواری زانستی گەشەی منداڵان بە دیاریکردنی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردن لە تەمەنی باخچەدا و لێکۆڵینەوە لەسەر توانا بنەڕەتیەکانی منداڵان وەک تەرکیزکردن، بیرەوەری، و فێربوونی زمان.

2- توێژینەوەکە وەک بنەمایەکی پتەو کار دەکات بۆ توێژەرانی داهاتوو و زانیارییەکانی ڕێگا خۆش دەکات بۆ توێژینەوەی قووڵتر و فراوانتر لە بوارەکانی پەیوەست بە گەشەی منداڵان لە سەردەمی ڕەقەمیدا.

3- توێژینەوەکە هەوڵ دەدات شوێن بەدوای ئەو کێشانەدا بکەوێت کە ئەگەر لەم تەمەنە حساسەدا چارەسەر نەکرێن، دەکرێت لە ڕۆژگاری داهاتووی منداڵاندا سەریان هەڵبدات.

گرنگی پراکتیکی:

1- توێژینەوەکە هەوڵ دەدات ئاگاداری دایک و باوکان بەرزبکاتەوە سەبارەت بە گرنگی دیاریکردنی کاتی تایبەت بۆ ئامێزی ڕاستەوخۆ لەگەڵ منداڵەکانیان و ڕێنمایی پێشکەش دەکات بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی هاوسەنگ لەماڵەوە.

2- زانیاری کاربەردی پێشکەش دەکات بە مامۆستایان و ڕێکخەرانی پەروەردە سەبارەت بە ڕوبەڕوبوونەوە لەگەڵ منداڵان کە کێشەیان لە پەیوەندیکردندا هەیە و ڕێنمایی بۆ دروستکردنی مەنهەج و ستراتیژیەتی فێرکردن.

**ئامانجی یەکەم:** زانینی ئاستی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی مامۆستایانەوە لە شاری سلێمانی.

**ئامانجی دووەم** : زانینی ئاستی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە (حکومی ، ناحکومی).
**ئامانجی سێیەم:** زانینی ئاستی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی شۆینی جوغرافی پەروەردە (ڕۆژهەڵات ، ڕۆژئاوا).

**سنووری توێژینەوەکە**

**سنووری مرۆیی:** بریتییە لە مامۆستایانی باخچەی منداڵانی حکومی و ناحکومی لەپەروەردەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە شاری سلێمانی.
**سنووری کاتی:** ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥.
**سنووری بابەتی:** شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە .
**سنوری شوێنی:** باخچەکانی منداڵان(حکومی ونا حکومی) سەربە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە شاری سلێمانی.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [1], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12306]
- **Submission Date:** [3/3/2026], **Revised Date:** [3/3/2026], **Accepted Date:** [10/3/2026], **Published Date:** [31/3/2026]

**پێناسەی چەمکەکان: (شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی)**

**پێناسەی ابراهیم (٢٠١٠):**

بریتییە لە کۆمەڵێک نیشانە و دۆخ کە کەسەکە تێیدا گرفتی هەیە لە دروستکردن و پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها تێگەیشتن و بەکارهێنانی قەوارە نەنووسراوەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر ژیانی ڕۆژانە و پێکهاتەی کەسایەتی. (إبراهیم، ٢٠١٠، ٤٥)

**پێناسە مصطفی(٢٠١٥):**

شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ ئەو دۆخەی کە تاک تێیدا ناتوانێت بە شێوەیەکی گونجاو کارلێک لەگەڵ ئەوانی تر بکات، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی لە تێگەیشتن و دەربڕینی هەست و بیرۆکەکان، هەروەها ناتوانایی لە خوێندنەوەی دەموچاو و زمانی جەستە و دەنگەکان.(مصطفی،٢٠١٥، ١٥٧)

**پێناسەی عبدالعزیز (٢٠١٦):**

بریتییە لە گرفت لە گواستنەوە و وەرگرتنی پەیامە کۆمەڵایەتییەکان، کە دەکرێت لە چەندین شێوەدا دەربکەوێت وەک لاوازی لە چاولێککردن، نەبوونی توانای دروستکردنی هاوڕێیەتی، تێنەگەیشتن لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کارلێک، و نەبوونی هاوسۆزی. (عبد العزیز، ٢٠١٦: ٢٠٨)

**پێناسەی توێژەر:**

شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی بریتین لە ئەو کێشە و ئاستەنگانەی کە منداڵان تووشیان دەبن لە کاتی گفتوگۆکردن، پەیوەندیکردن، و کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان، مامۆستایان، و ئەندامانی خێزانەکانیان

# چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

## تەوەری یەکەم: باخچەی منداڵان

قۆناغی منداڵی لە گرنگترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤە، ئەمە تەنها مەبەست لێی ئامادەکردن نیە بۆ داهاتوو ، بەڵکو ئەوە ژیانی ئێستایەتی پێیدا تێپەر دەبێت و دەبێتە بنچینەیەك بۆ داهاتووی، چونکە پەروەردەکردنی منداڵ لە تەمەنی پێش چونە خوێندنگە هەرچەندە، ئەمە مانای ئەوە نیە، کە لە پەروەردەی قۆناغەکانی دواتریدا چاکسازی بۆ نەکرێت چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکە شایەنی گۆڕانە، بەڵام باشتر وایە هەر لەسەرەتاوە بە هاوکاری خێزان و دەزگا پەروەردەییەکان پەروەردەیەکی تەندروست و سەرکەوتوو لە گشت بوارەکانی ژیان بەرهەم بهێنرێت(صایغ, 2006: 22) .

فریدریك فروبل (1782-1852) یەکەم کەس بوو باخچەی منداڵانی دامەزراند لەساڵی (1837) بۆ ئەو منداڵانەی، کە تەمەنیان لە حەوت ساڵ کەمترە، گۆڤارێکی هەبوو بە ناونیشانێکی سەیر، کە لەناواخنیدا پڕبوو لە ئەو سۆزە بەرزەی بۆ منداڵان بەناوی (وەرن بابژین لەپێناو منداڵەکانماندا)، لەکاتێکدا لەناو باخچەکاندا دەگەڕا لەگەڵ دوو هاوڕێیدا بینی کۆمەڵێ منداڵ یاری دەکەن، لەو باخچەیەدا هاواری کرد بە دەنگێکی بەرز وتی ناوی قوتابخانەکەم دەنێم باخچەی منداڵان پیرۆزترین پەروەردە لەلای فروبل پەروەردەکردنی منداڵە لە ڕێگەی باخچەی منالان، هەمیشە لەگەڵ ئەوەدابوو، کە بەرزترین کەس و فراوانترین ئاسۆی بیرکردنەوەی پەروەردەکاران تەرخان بکرێت بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، هەروەها جەخت لەسەر گەشەکردن و زیادکردنی پێکهاتە و هێزی بیرکردنەوە و توانای منداڵ، کە ناوی لێنا (چالاکی خودی). هەروەها ماریا مۆنتیسۆری پزیشکێکی ژنی ئیتاڵییە لەپێگەکەی خۆیدا، کە پزیشکە زیاتر چاودێری و چارەسەری منداڵانی دەکرد، ئەوەبوو لەساڵی 1907 لە ڕۆما لەلایەن دایکانی کرێکار بانگکرا، چاودێری منداڵەکانیان بکات لەکاتی ئامادەنەبونیان لەماڵەوە و سەرقاڵ بونیان بە کارەکانیانەوە، ئەمە هەلێکی زێرین بوو بۆ ماری مۆنتیسۆری بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەك ناوی لێنا (ماڵی منداڵان)، هەروەها شوێنێکی بەرفراوانی پێ بەخشرا لەلایەن ئەو چینەی دایکانەوە بۆ چاودێری منداڵەکانیان ، قوتابخانەکەی بەشێوازێك دروست کرد نزیك بێت لەشێوازی ماڵ، کە منداڵ تیایدا دەژی ( قەرەچەتانی ،٢٠١٤ : ١١٠ ) .

کاریگەری باخچەی منداڵان لەسەر منداڵ:

باخچەی منداڵان بە قۆناغێکی پەروەردەیی پێش چوونە خوێندنگە دەژمێردرێت و گوێزانەوەیەکی پلەکی منداڵە لە کەشی ماڵەوە بۆ خوێندنگە ئامانجییەتی ، (فرۆبل ) جەخت لەوە دەکاتەوە باخچەی منداڵان لە گونجان لەگەڵ دەوروبەر یارمەتی منداڵ دەدات و هەڵ بۆ منداڵان دەڕەخسێنێت، کە چالاکی گونجاو بە قۆناغی گەشەکردنیان ئەنجام بدەن. باخچەی منداڵانی پێکهێنراو بە بنچینەی ڕاست گرنگی زۆری هەیە لە پێگەیاندنی منداڵاندا، ئەویش لە سنووری بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوەدا:

1. گەشەپێدانی باوەڕبەخۆبوون و هەستکردن بە سەربەخۆی لە بەرامبەر پشت بەستن بە کەسانی دیکە.
2. یارمەتیدانی منداڵ بۆ دوورکەوتنەوەی پلەکی لە خۆ ویستی و گەشەپێدان و ئامادەباشی و سازاندنی منداڵ بۆ خوێندنگە.
3. ئاراستەکردنی منداڵ بە زانیاری و ڕاستییەکان لەسەر دەوروبەر، لەگەڵ سامانێکی زمانەوانی دروست و ڕەخساندنی هەل بۆ چالاک بوونی.
4. سازاندنی کەشێکی گونجاو، کە وابکات منداڵ لە هەموو لایەنەکانی جەستەیی و کۆمەڵایەتی ژیریی گەشەی هاوئاست بەدەستبهێنێت، لەگەڵ پاراستنی سرووشتی منداڵ و چاودێریکردنی گەشەی گشتگیریی ئەو، فێرکردنی ڕەوشتی پەسەند.

5.ئامادەکردنی منداڵ بۆ ئەوەی ببێت بە تاکێکی باش و گوێزانەوەی لە خۆیی و خێزانەوە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی هاوبەش ( العاملة ، مزاهرة ، 2008 : 283 – 284 ).

## تەوەری دووەم: شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی:

ژڵەژانەکانی پەیوەندیکردن بە کەمیی توانای تاک بۆ کارلێککردن و پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دیکە پێناسە

دەکرێت. لە ئەنجامدا ناتوانن پێداویستییەکانیان بەدیبهێنن و گوزارشتیان لێبکەن و لە ئەنجامدا لە دۆخێکی وابەستەیی بەردەوامدان بە کەسانی دیکە، پێویستیان بە هاوکارییە. ئەم کەموکورییە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی دەروونی و کۆمەڵایەتیاندا ڕەنگ دەداتەوە. (زوبدان الرطاوی و هاوکارانی، ٢٠١١).

## شڵەژانەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە پێی پۆلێنی DSM5:

کێشەی بەردەوام لە بەکارهێنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی زارەکی و نازارەکی، وەک لەمانەدا دەردەکەوێت:

1- نەتوانینی بەکارهێنانی پەیوەندی بۆ مەبەستی کۆمەڵایەتی، وەک سڵاوکردن و هاوبەشکردنی زانیاری، بە شێوەیەک کە لەگەڵ چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا بگونجێت.

2- توانای خراپی گونجاندنی پەیوەندی لەگەڵ چوارچێوە یان پێداویستی گوێگر، وەک قسەکردن لە پۆلدا جیاوازتر لە گۆڕەپانی یاری، قسەکردنی جیاواز لەگەڵ منداڵێک لەگەڵ گەورەساڵێک و دوورکەوتنەوە لە زمانی زۆر فەرمی.

3- سەختی پەیڕەوکردنی یاساکانی گفتوگۆ و چیرۆکگێران، وەک نۆرە لە گفتوگۆدا، وەرگێران لە کاتی هەڵە تێگەیشتن، و زانینی بەکارهێنانی ئاماژەی زارەکی و نازارەکی بۆ ڕێکخستنی کارلێککردن.

4. سەختی تێگەیشتن لەوەی کە بەڕوونی باس نەکراوە (بۆ نموونە دەرئەنجامدان) و مانای مەجازی یان دووفاقی زمان (بۆ نموونە ئیدیۆم، گاڵتەجاڕی، مێتافۆر، فرە مانای کە پەیوەستە بە چوارچێوەی گفتوگۆکە). کورتهێنانەکە دەبێتە هۆی سنووردارکردنی کارایی لە پەیوەندی کاریگەر، بەشداری کۆمەڵایەتی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دەستکەوتی ئەکادیمی، یان ئەدای پیشەیی، بە تاک یان بە تێکەڵ.

نیشانەکان لە سەرەتای گەشەکردندا دەردەکەون (بەڵام ڕەنگە کورتهێنانەکە دەرنەکەوێت تا داواکارییەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە توانا سنووردارەکان تێپەڕێنن).

نیشانەکان ناگەڕێنەوە بۆ حاڵەتێکی تری پزیشکی یان دەمار، هەروەها بۆ کەمبوونەوەی توانای کۆکردنەوەی قسەکردن بۆ 21+ ڕێزمانی، و باشتر ڕوون ناکرێتەوە بە تێکچوونی سپێکتریمی ئۆتیزم، کەمئەندامی هزری (تێکچوونی گەشەکردنی دەروونی)، دواکەوتنی گەشەکردنی بەربڵاو، یان تێکچوونی دەروونی دیکە.

**بڵاوبوونەوەی شڵەژانەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی:**

بڵاوبوونەوەی لە نێو منداڵاندا لە نێوان 3% بۆ 10% و ئەم کەمئەندامییە زۆرجار پەیوەندی بە کەمئەندامییەکانی دیکەوە هەیە وەک کەمئەندامی فێربوون، کەمئەندامی هزری و ئەوانی دیکە. ڕێژەی بڵاوبوونەوەی ئەم کەمئەندامییە لە نێوان منداڵانی پێش قوتابخانەدا دەگاتە نزیکەی ٨% (بیچیمان و هاوکارانی: ١٩٩٠، ٩٩).

**تیۆرەکانی شڵەژانەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی:**

**تیۆری پرۆسێسی زانیاری:**

ئەم تیۆرییە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بنەڕەتییە بۆ پرۆسەی پرۆسێسی زانیاری کە مرۆڤەکان ئەنجامی دەدەن .سەرنجی سەرەکی لەسەر لێکۆڵینەوە و پێوانەکردنی بڕی زانیارییە لە هەر پەیامێکدا. دەتوانرێت ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە کەڵک وەربگیرێت بۆ ڕەچاوکردنی ناوەڕۆکی ئەو پەیامانەی کە پێشکەش بە منداڵان دەکرێن، بەمەش ناڕوونی لە هەر پەیامێکی پەروەردەیی کە بۆیان دانراوە کەم دەبێتەوە .هەروەها دەتوانرێت بەکارهێنانی ئەم تیۆرییە لە کاتی پێشکەشکردنی زانیاری بۆ منداڵان بەکاربهێنرێت، بە لەبەرچاوگرتنی هەردوو لایەنی چەندایەتی و چۆنایەتی ئەو زانیاریانەی کە پێشکەش دەکرێ (یوسف، ٢٠١٩، ل ٨١).

**تیۆری یەکگرتوویی ناوەندی**

ئەم تیۆرییە پێی وایە کە تێکچوونەکان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەنگە لە بێتوانایی لە دەرهێنانی مانا سەرچاوە بگرن .ئەم جۆرە سەختی و کێشانە ڕەنگدانەوەی و ئاماژەن بۆ شکستی سیستەمی ناوەندی (واتە یەکگرتوویی ناوەندیلاواز) .کە ئەرکی سەرەکییەکەی یەکخستنی سەرچاوەکانی زانیارییە ئەمەش وا دەکات ئەو تاکانەی کە کەموکوڕی پراگماتیکیان هەیە، سەرنجیان لەسەر پارچە زانیارییە بچووکەکان بێت نەک نەخشە گەورە و یەکگرتووەکان (واتە گرنگیدان بە بەشەکان لەکاتێکدا کۆی شتەکە پشتگوێ دەخەن .(هەندێک دەڵێن کە یەکگرتوویی ناوەندی دەتوانێت بەشداری بکات لە باشتربوون و گەشەسەندنی تیۆری دەروون، بەو پێیەی تاکەکان دەتوانن دیدێکی گشتگیر بۆ دۆخەکە بگرنەبەر و دیدگای چەند تاکێک لەناو ئەو دۆخەدا تێکەڵ بکەن .هەروەها هەندێکی تر پێیان وایە کە کەموکورییەکان لە تیۆری دەروونیدا دەتوانێت ببێتە هۆی سەختی لە یەکخستنی کۆنتێکستدا) .التحامی، محمد، ٢٠١٦، ١٧٧).

## تەوەری سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

**توێژینەوەی شاهین (2022): نانونیشانی توێژینەوەکە: (ئاستی لێهاتوویەکانی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی توشبووی بە ئۆتیزم لە ڕوانگەی دایکانەوە)**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، زانینی ئاستی لێهاتوویەکانی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی توشبووی بە ئۆتیزم لە ڕوانگەی دایکانەوە ، وهەروەها دۆزینەوەی جیاوازی بەڵگەداری بە پێی هەندی گۆڕاو، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە(١١٢) دایکی منداڵیکی توشبووی بە ئۆتیزم، توێژەر ئامرازی پێوانەکردنی لێهاتوویەکانی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵان بەکارهێناوە بۆ ڕاستی و جێگیری پێوەرەکانی ئەلفاکرۆنباخی بەکارهێناوە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکەی، تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆنی بەکارهێناوە، توێژەر گەیشتە ئەم ئەنجامانە، کە ئاستی ئاستی لێهاتوویەکانی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی توشبووی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [1], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12306]
- **Submission Date:** [3/3/2026], **Revised Date:** [3/3/2026], **Accepted Date:** [10/3/2026], **Published Date:** [31/3/2026]

به ئۆتیزم لە ڕوانگەی دایکانەوە مامناوەندبوو (شاهین، ٢٠٢٢، ١٤١-١٩٦).

**توێژینەوەی الزبیری (2021): ناونیشانی توێژینەوەکە: (هووشیاری دەستنیشانکردنی شڵەژانەکانی ئۆتیزم وشڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی (مامۆستا) بە پێی هەندی گۆڕاو)**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، زانینی ئاستی هووشیاری دەستنیشانکردنی شڵەژانەکانی ئۆتیزم وشڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی (مامۆستا) بە پێی هەندی گۆڕاو، لە بواری پسپۆری پەروەردەی تایبەت، ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە(١١٣) خوێندکاری (مامۆستا) ، توێژەر ئامرازی پێوانەکردنی هووشیاری دەستنیشانکردنی شڵەژانەکانی ئۆتیزم وشڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە، بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکەی، تاقیکردنەوەی تائی ، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆنی بەکارهێناوە، توێژەر گەیشتە ئەم ئەنجامانە، کە ئاستی ئاستی هووشیاری دەستنیشانکردنی شڵەژانەکانی ئۆتیزم بەرزبوو، بەڵام ئاستی هووشیاری دەستنیشانکردنی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی مامناوەندبوو (الزبیری، ٢٠٢١، ٣٢١).

## سێهەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

### ٣-١ میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیە، هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە بدۆزێتەوە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە، پەنا بردنە بەر بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە سرووشتی توێژینەوەکە وادەخوازێت ئەم میتۆدە بەکاربهێنرێت. ئەم جۆرە میتۆدە لە بڵاوترین جۆرەکانی توێژینەوەیە، کە بەکاردەهێنرێت بە ئامانجی دیاریکردنی دۆخی هەنووکەیی دیاردەیەکی دیاریکراو ( عبدالمؤمن ، 2008 : 28 ).

### ٣-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەسەرجەم مامۆستایانی باخچە حکومی و ناحکومییەکانی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ ، کە بەردەوامن لە کارکردن و ژمارەیان (١٤٠٨)مامۆستایە ، (١٥٦) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (١٢٥٢) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ، وەك لەخشتەی (١-٣) دا خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١-٣): کۆمەڵگەی توێژینەوە

| جۆری باخچە | ژمارەی مامۆستا | | |
|---|---|---|---|
| | ڕەگەز | | |
| | نێر | مێ | کۆی گشتی |
| باخچەی حکومی | ١٣٦ | ١٠٠١ | ١١٣٧ |
| باخچەی ناحکومی | ٢٠ | ٢٥١ | ٢٧١ |
| کۆی گشتی | ١٥٦ | ١٢٥٢ | ١٤٠٨ |

### ٣-٣ نموونەی بنەڕەتی توێژینەوە:

توێژەر توانی ژمارەی نموونەی توێژینەوەکەی دیاری بکات، بریتییە لە ( ٤١٢ ) مامۆستا لە باخچە حکومی و ناحکومییەکان لە پارێزگای سلێمانی، هەروەک لە خشتەی (٢-٣) خراوەتە ڕوو.

خشتەی ژمارە (٢-٣): نموونەی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوی ( جۆری باخچە )

| جۆری باخچە | ژمارەی باخچە | ژمارەی مامۆستا | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| حکومی | ٢٣ | ٣١٢ | %٧٥.٧٢ |
| ناحکومی | ١٥ | ١٠٠ | %٢٤.٢٨ |
| کۆی گشتی | ٣٨ | ٤١٢ | %١٠٠ |

### ٣-٤ نموونەی سەرەتایی توێژینەوە:

بەمەبەستی دیاریکردنی تایبەتمەندیە سایکۆمەتریەکانی ئامرازی توێژینەوەکە، وەك دیاریکردنی جێگیری ، ڕاستگۆی وئاستی ڕوونی بڕگەکان وکاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە. توێژەر توانی ژمارەی نموونەی سەرەتایی توێژینەوەکەی دیاری بکات، کە بریتییە لە (١٠٠) مامۆستا (لە دەرەوەی نموونەی بنەڕەتی توێژینەوەکە) بۆ ئەوەی ئاگاداری بوونی هەر ناڕوونی و ئاڵۆزیەک بێت، کە لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دروست دەبێت و چارەسەرییان بکات لە پێش جێبەجێکردنی کۆتایی و وەڵامی بەدواداچوونەکانیشیان بداتەوە.

### ئامرازی توێژینەوە :

بۆگەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە واپێویست بوو توێژەر پێوەرێک ئامادە بکات بۆپێوانەکردنی (شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی) لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجام درا:

### ٣-٥-١ پێوانەی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی:

لەبەرنەبوونی پێوانەیەکی گونجاو بەزمانی کوردی، توێژەر پێوەرێکی بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوی (شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی) ئامادە کرد، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجام درا.

### ٣-٥-١-١ داڕشتنەوەی بڕگەکان:

لەبەر ئەوەی توێژەر ئامرازێکی ئامادەکراوی دەست نەکەوت، کە وەك پێویست بێت بۆ پێوانی کردنی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە، توێژەر بۆ

ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوەرەکەی گەڕایەوە بۆ توێژینەوەکانی پێشوو و توانی سوود لە توێژینەوەکانی (العبیدی، ٢٠١٧) و (شاهیناز، ٢٠٢٠) و (القحطانی، ٢٠٢٣) وەربگرێت.لە ئەنجامدا توێژەر توانی (٣٦) بڕگە دروستبکات وەک شێوەی سەرەتای پێوەری شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی.

**٣-٥-١-٢ ڕاستگۆی ڕواڵەت:**

مەبەست لە ڕاستی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە ، ئایا ئامرازەکە لە ڕووکەش و ڕواڵەتدا، تاچەند دیاردەکە دەپێوێت( بۆکانی ، ١٧٤ : ٢٠١٦ )، بۆدیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەت توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان، بۆ ئەو مەبەستە پێوانەکە خرایە بەردەست (٩) شارەزاو پسپۆڕی (دەروونزانی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە)، داوایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەربڕن و هەرگۆڕانکاریەك پێیان باشە پێشنیازی بکەن، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان، بەپێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوە کەڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەوەیان یاخود لابردنیان (٩٠%)بوو، بەم شێوەیە سەرجەم بڕگەکانی پێوانەکە کە ژمارەی (٣٦) بڕگە وەک خۆی پەسەند کرا.

**٣-٥-١-٣ شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی پێوانەی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی:**

بەمەبەستی دڵنیا بوون لە بوونی مەرجەکانی ڕاستگۆیی وجێگیری وتوانای جیاکاری لە نێوان بڕگەکانی پێوانەکە توێژەر شیکاری ئاماری بۆ سەرجەم بڕگەکانی ئەنجامدا لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

**٣-٥-١-٤ هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوانەکە:**

ئەم ڕێگەیە پشت بەجیاکاری دەبەستێت لەنێوان ئەو تاکانەی تایبەتمەندی پێوانەکراویان تێدا بەدیدەکرێت و ئەوانەی تیایاندا بەدیناکرێت، ئەم ڕێگەیە ئاماژەیەکی خێرا بەڕادەی ڕاستگۆی پێوانەکە دەدات(عبدلرحمن ،2007: 192) . توێژەر هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوانەی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی دەرهێناوە  بە پشت بەستن بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

أ. ڕیزبەندی کردنی ئەو نمرانە کە تاککەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستیان هێناوە لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە.

ب.دابەشکردنی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ دوو گروپ، گروپێك کە زۆرترین نمرەیان بە دەستهێناوە بە ڕێژەی (27%) ، کە ژمارەیان (٢٧)مامۆستا بوو، و گروپێك، کە کەمترین نمرەیان بە دەست هێناوە بە ڕێژەی (27%) ، کە ژمارەیان (٢٧) مامۆستا بوو، دورخستنەوەی ئەو گروپەی کە ناوەندبوون.

ج. بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوونموونەی سەربەخۆ (t-test for two Independent samples ) بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر بڕگەیەك،لە ئەنجامدا دەرکەوت کە سەرجەم بڕگەکانی پێوانە پێوانەی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی توانای جیاکاریان هەیە.

**٣-٥-١-٥ پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەك بە نمرەی گشتی پێوانەکە :**

بەمەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەك بە نمرەی گشتی پێوەری شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی ،توێژەر بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS)هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(person) ی لەنێوان بڕگەکانی پێوەرەکە بە کۆی گشتی پێوەرەکە دۆزیەوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە سەرجەم بڕگەکانی پێوەرەکە بەڵگەداری ئاماریان هەبوو لە ئاستی بەڵگەداری (0.05).

**٣-٥-١-٦ جێگیری:**

مەبەست لە جێگیری هەر پێوەرێك ئەوەیە، ئەگەر پێوەرێك بەســـەر کۆمەڵێـك تـاکـدا جێبەجێ کراو چـاودێری نمرەکـانی هەرتـاکێك بکرێـت تیایدا.وە دووبارە پێوانەکەبەســـەر هەمـان تاکەکانی ئەو گروپەدا لەهەمـان بـارودۆخدا دووبارە کرایەوە و هەمـان ئەنجـام دەســـت کەوت، ئەوا دەردەکەوێـت پێوەرەکـە بەتەواوی جێگیرە(الحموز،2004:218) توێژەربۆدیـاریکردنی جێگیری پێوانەکەی چەندرێگەیەکی بەکار هێنا وەك:-

**ڕێگەی تاقیکردنـەوە ودووبارە تاقیکردنـەوە:**

لەم ڕێگەیەدا ئامرازی توێژینەوەکە دوو جار بەسەر هەمان سامپڵدا جێبەجێ دەکرێتەوە، بەمەرجێك ماوەی زەمەنیان لە(١٥) ڕۆژ کەمتر نەبێت ،دواتر ئەو هاوکۆلکە پەیوەندییەی دەستمان دەکەوێت ڕادەی جێگیری پێوانەکە نیشان دەدات، بۆجاری یەکەم پێوانەکە بەسەر(٤٠) مامۆستادا جێبەجێکرا،کە بەشێك بوون لەکۆمەڵگەی توێژینەوە، دوای تێپەڕبوونی (١٥) ڕۆژ دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامی یەکەم ودووەم لەڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم ودووەم بریتیە لە(٠,٨٧٢)ئەمەش پەیوەندیەکی بەهێزەو ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جێگیری پێوانەکە بەرزە.

**٣-٥-١-٨ تایبەتمەندی پێوەری شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی:**

توێژەر دوای ئەوەی ڕاستگۆی و جێگیری بۆ پێوانەی(شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی) دیاریکرد، پێوانەکە بەشێوەی کۆتای(٣٦)بڕگە بوو ،بەشێوەیەکی گشتی بڕگەکان ڕوون بوون لەلای مامۆستایانی باخچە و کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە (٦) خولەك بوو، هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە لەناوەڕۆکی بڕگەکان بەجۆری پێنج بژاردە داڕێژرابوو واتە(٥)بژاردە لەبەرامبەر بڕگەکان هەیە، کە بریتین لە (بەتەواوی پەسەندە، پەسەندە، ڕاڕا، پەسەند نییە، بەتەواوی پەسەندە نییە )، و

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [1], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12306]
- **Submission Date:** [3/3/2026], **Revised Date:** [3/3/2026], **Accepted Date:** [10/3/2026], **Published Date:** [31/3/2026]

بەهای بژاردەکان بریتین لە(١،٢،٣،٤،٥) نمرەیە، بەهەمان ڕیزبەندی بەرامبەر برگەنەرێنییەکان نمرەکان پێچەوانە دەبنەوە واتە بەرزترین نمرەی پێوەرەکە (١٠٨) نمرەیە و نزمترین نمرە (٣٦) نمرەیە، هەروەک لە پاشکۆی ژمارە (٤) خراوەتەڕوو.

**چوارەم : خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان**
**ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی مامۆستایانەوە لە شاری سلێمانی:**

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری(One Sample T-Test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بەناوەندی گریمانەیی پێوانەکە، لەئەنجامدا دەرکەوت، کەناوەندی ژمێرەیی بەرزترە لە ناوەندی گریمانەیی پێوانەکە، هەروەها دەرکەوت، کەبەهای (t) بریتییە لە(4.040) لەئاستی بەڵگەداری(0.05)، واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات، ئاستی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی مامۆستایانەوە لەئاستێکی بەرزدایە.هەروەك لەخشتەی(٤-١) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٤-١):ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی ( یەک نموونە ) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بۆ پێوەری

شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 412 | 115.60 | 23.13 | 108 | 411 | 4.040 | 1.96 | بەڵگەدارە |

وەک لە خشتەی ژمارە (4-1) دا دەردەکەوێت، بەهای (t) ی هەژمارکردراو یەکسانە بە (115.60) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە (411) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و بەهای(t) خشتەیی یەکسانە بە (1.96). لەبەر ئەوەی، بەهای هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی ، بەم جۆرە دەردەکەوێت کە ئاستی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی مامۆستایانەوە (سامپڵی توێژینەوەکە) بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە، توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی منداڵان باخچە بە شێوەیەکی گشتی سەرقاڵی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانن زۆربەی کاتەکانیان تەرخان کردووە بۆ ئەو مەبەستە، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی منداڵان دروست کردووە. واتە گەشەکردنی خێرای تەکنەلۆژیا و سۆشیال میدیا دۆخێکی دروست کردووە کە تێیدا منداڵان زیاتر لە پەیوەندی ڕەمزی و ڕەقەمی نزیکن تا پەیوەندی ڕاستەقینە و بەرەوڕوو لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان. ئەمەش وایکردووە کە لە منداڵاندا هونەری گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و توانای دەربڕینە هەستدارەکان لاواز بن.

**ئامانجی دووەم : زانینی ئاستی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە (حکومی ، ناحکومی):**

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری(Independent Sample T-Test) لەئەنجامدا دەرکەوت،کەناوەندی ژمێرەیی ئاستی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە حکومییەکان بریتییە لە(141.63) بەلادانی پێوەری (33.602)، بەڵام لە باخچەی ناحکومی ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە(134.74) و بەلادانی پێوەری(30.34)هەروەها بەهای(t)بریتییە لە (2.067) لەئاستی بەڵگەداری(0.05)بەنمرەی ئازادی(452) هەروەك لەخشتەی(٤-٢)ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی(٤-٢) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ نمرەکانی (سامپڵی توێژینەوە) لەسەر پێوەری شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە (حکومی ، ناحکومی)

| جۆری باخچە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| حکومی | 305 | 121.58 | 60.95 | 410 | 2.581 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| ناحکومی | 107 | 111.64 | 16.87 | | | | |

وەک لەخشتەی سەرەوە دا دەردەکەوێت ، بەهای(t) ئەژمارکراو یەکسانە (2.581) و بەهای خشتەیی یەکسانە(1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(410) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو گەورەترە لەبەهای خشتەیی ، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری هەیە لەئاستی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە (حکومی ، ناحکومی) ، توێژەر پێی وایە بەشێک لە هۆکارەکەی ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە سایەی جیهانگیریی و سۆشیال میدیادا، تێکەڵبوونی کەلتوورەکان و شێوازی پەیوەندیکردنی جیاواز، هەندێک جار سەرلێشێواوی و تێکنەگەیشتن دروست دەکات لە نێوان منداڵان و گەورەکاندا . نەبوونی هونەری گوێگرتنی چالاک و کاریگەر، یەکێکی دیکەیە لە کێشەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لە نێو منداڵاندا. زۆربەی منداڵان کاتێک گوێ لە گەورەکان دەگرن، زیاتر بیر لە وەڵامدانەوە دەکەنەوە نەک تێگەیشتن لە قسەکان و هەستەکانی بەرامبەر.

**ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی شوێنی جوگرافی پەروەردە (ڕۆژهەڵات ، ڕۆژئاوا):**

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ, لەئەنجامدا دەرکەوت،کەناوەندی ژمێرەیی ئاستی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی ئەو مامۆستایانەوە کە سەر بە پەروەردەی ڕۆژهەڵات بریتییە لە(113.02) بەلادانی پێوەری (23.33)، بەڵام لای مامۆسیانی سەر بە پەروەردەی ڕۆژئاوا ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە(116.65) و بەلادانی پێوەری(23.01)هەروەها بەهای(t)بریتییە لە (1.444) لەئاستی بەڵگەداری(0.05)بەنمرەی ئازادی(410) هەروەك لەخشتەی(٤-٣)ڕوونكراوەتەوە.

خشتەی(٤-٣)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ نمرەکانی (سامپڵی توێژینەوە) لەسەر پێوەری شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی شۆینی جوغرافی پەروەردە (ڕۆژهەڵات ، ڕۆژئاوا)

| جۆری پەروەردە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ڕۆژهەڵات | 119 | 113.02 | 23.33 | 410 | 1.444 | 1.96 | بەڵگەدارنییە |
| ڕۆژئاوا | 293 | 116.65 | 23.01 | | | | |

وەک لەخشتەی سەرەوە دا دەردەکەوێت ، بەهای(t) ئەژمارکراو یەکسانە (1.444) و بەهای خشتەیی یەکسانە(1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(410) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچوکترە لەبەهای خشتەیی ، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەئاستی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی شۆینی جوغرافی پەروەردە (ڕۆژهەڵات ، ڕۆژئاوا)، توێژەر پێی وایە بەشێک لە هۆکارەکەی ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مامۆستایانی باخچە لە هەمان بارودۆخی کۆمەڵایەتی وئابووری وسیاسی وتەکنەلۆجی پیشەی خۆیان جێبەجێ دەکەن بۆیە جیاوازی بەدی ناکرێ لە روانکەیان سەبارەت بە بوونی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی شۆینی جوغرافی پەروەردە (ڕۆژهەڵات ، ڕۆژئاوا).

**پێنجەم : دەرئەنجامەکان:**

پاش تەواوکردنی ڕێککارییەکانی توێژینەوە توێژەر گەشتوتە ئەم دەرئەنجامەنەی خوارەوە:

١- شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی مامۆستایانەوە لە شاری سلێمانی لە ئاستێکی بەرزدایە .

٢- بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە (حکومی ، ناحکومی) جیاوازییەکە لەبەرژەوەندی باخچەی حکومییە.

٣- نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی شڵەژانەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە روانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی شۆینی جوغرافی پەروەردە (ڕۆژهەڵات ، ڕۆژئاوا).

**شەشەم : ڕاسپاردەکان:**

بە پشت بەستن بە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

١- پێویستی گرنگی پێدانی وەزارەتی پەروەردە بە کردنەوەی خولی تایبەت بە مامۆستایانی باخچە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هووشیاری دەروونی وکۆمەڵایەتیان.

٢- دەرکردنی ڕینمایی و یاسای نوێ و تایبەت بە شێوازی مامەڵەکردنی منداڵان لەگەڵ ئامێرەزیرەکەکان و يارييە ئەلیکترۆنییەکان بۆ منداڵانی قۆناغی سەرەتایی،لە لایەن وەزارەتی پەروەردەو لایەنی پەیوەندی دار.

٣-کردنەوەی خوولی تایبەت بۆ دایکان وباوکان سەبارەت بە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان سوود وەرگرتنیان وەک هۆکاریکی فێرکاری سەردەم بۆ وانەوتنەوە.

**حەوتەم : پێشنیازەکان:**

توێژەر پێشنیاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوانەی خستەڕوو:

١- ئەنجام دانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە بە گۆڕاوی جیاوازی وەک (پسپۆڕی،باری کۆمەڵایەتی،خولی ڕاهێنان،....)لای مامۆستایان.

٢-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان وە فراوانکردنی نموونەی توێژینەوەکە.

**هەشتەم : سەرچاوەکان:**

یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


- بۆکانی ، سابیر بەکر(٢٠١٦):میتودی توێژینەوەی زانستی،خانەی چاپ و بڵاوکراوەی چوارچرا،چاپی یەکەم،سلێمانی.
- العواملة ، حابس ، مزاهرة ، أيمن (٢٠٠٨): دەروونناسیی منداڵ ، وەرگێڕانی اسماعیل معروف ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تیشک.
- بابان ، احمد و ئەوانی تر (٢٠١٦): گوڵبژێریک بابەتی پەروەردەیی بۆ قۆناغی پێش چوونە خوێندنگە ، چاپی یەکەم ، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان – سلێمانی.

- صايغ ، ليلى (٢٠١٤) : ڕابەری مامۆستای باخچەی ساوایان ، وەگێرانی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی دووەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - سلێمانی.
- قەرەچەتانی ، کەریم شەریف (٢٠١٤) : ڕێنیشاندەری مامۆستای باخچەی ساوایان ، چاپی دووەم ، چاپخانەی پەیوەند – سلێمانی.

دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

- بدر، سهام (٢٠٠٠)، اتجاهات الفكر التربوي في مجال الطفولة. الكويت مكتبة الفلاح للطباعة والنشر ط ٢
- رناد، الخطيب (١٩٩٢) )، تربية طفل الروضة : في الإتحاد السوفيتي واليابان، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
- وزارة التربية ( ١٩٩٤ ) ، نظام رياض الاطفال ( رقم ١١ لسنة ١٩٧٨ ) وتعديله ، المديرية العامة للتعليم العام ، مديرية رياض الاطفال ، بغداد ، وزارة التربية.
- ملحم، سامي محمد (٢٠٠٦) ، سيكولوجية التعلم والتعليم والأسس النظرية والتطبيقية طهدار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة.
- حمدان، محمد زياد، "التربية وتنمية الطفولة المبكرة"، (٢٠١٤)، دار التربية الحديثة، دمشق، الطبعة الثالثة.
- العناني، حنان عبد الحميد، "اللعب عند الأطفال: الأسس النظرية والتطبيقية"، (٢٠١٧)، دار الفكر، عمان، الطبعة الخامسة.
- الزريقات، إبراهيم عبدالله، "اضطرابات التواصل الاجتماعي: التشخيص والعلاج"، (٢٠١٠)، دار الفكر، عمان، الطبعة الثانية.
- القمش، مصطفى نوري، "الاضطرابات السلوكية والانفعالية"، (٢٠١٥)، دار المسيرة، عمان، الطبعة الرابعة.
- السيد، عبد الحميد سليمان، "صعوبات التعلم والتواصل الاجتماعي"، (٢٠١٣)، عالم الكتب، القاهرة، الطبعة الأولى.
- الشخص، عبد العزيز السيد، "اضطرابات النطق والتواصل"، (٢٠١٦)، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة، الطبعة الثالثة.
- يوسف، جمعة سيد، "الاضطرابات السلوكية وعلاجها"، (٢٠١٤)، دار غريب، القاهرة، الطبعة الثانية.
- الألعاب الإلكترونية وتأثيرها على الأطفال"، محمد علي القضاة، ٢٠١٧، عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى.
- علم نفس اللعب"، سناء محمد سليمان، ٢٠١٥، القاهرة: عالم الكتب، الطبعة الثانية.
- تكنولوجيا الألعاب الإلكترونية ودورها في نمو الطفل"، عبد الله بن عبد العزيز الهدلق، ٢٠١٨، الرياض: مكتبة الرشد، الطبعة الأولى.
- الألعاب الإلكترونية: رؤية تربوية معاصرة"، حسن شحاتة، ٢٠١٦، القاهرة: الدار المصرية اللبنانية، الطبعة الثالثة.
- "تأثير الألعاب الإلكترونية على السلوك العدواني لدى الأطفال"، مصطفى محمد عيسى، ٢٠١٩، بيروت: دار النهضة العربية، الطبعة الأولى.
- المقاطي,منيرة سعيد.(2018).السلوك الاجتماعي في التعليم.شبكة الالوكة قسم الكتب.
- منصور,حسام.(2022).شبكات التواصل الاجتماعى مدخل نضرى لفهم الاجابيات و السلبيات .بجامعة مصراتة-ليبيا.
- شاهين، عوني معين. (2022): مستوى مهارات التواصل الاجتماعي لدى الاطفال ذوي اضطراب طيف التوحد من وجهة نظر امهاتهم. مجلة العلوم التربوية، المجلد 30، العدد 1، جامعة القاهرة
- الزبيري، شريفة بنت عبدالله. (2021): الوعي بتشخيص اضطراب طيف التوحد واضطراب التواصل الاجتماعي العملي لدى الطالبات المعلمات وفق بعض المتغيرات، مجلة البحوث التربويى والنفسية، المجلد (18)، العدد (69)،جامعة الزرقاء،الاردن.
- ابوعلام ، رجاء محمود (2006) : مناهج البحث في العلوم النفسية و التربوية ،ط1 ، دار النشر للجامعات – مصر.
- البدر ،سهام محمد (2007) : مدخل الى رياض الاطفال ، ط2 ، دار الفكر ، عمان.
- الحامد ، محمد بن مصعب و الرومي ، ثابت بن مثال (2001 ) : الاسرة والضبط الاجتماعي ، دارالنهضة ، الرياض.
- السالم ، خالد بن عبدالرحمن (2000): الضبط الاجتماعي و التماسك الاسري ، دار النهضة ، الرياض.
- السالم ، خالد بن عبدالرحمن (2000): نظرية الضبط الاجتماعي في الاسلام ، ط1 ، الرياض.
- الصالح ، المصلح (2004 ) : الضبط الأجتماعي ، ط 1 ، مؤسسة الرزاق للنشر و التوزيع ، عمان

- العزاوي ، رحيم يونس (2008): مقدمة في المنهج البحث العلمي ، دار دجلة – عمان.
- العناني، حنان عبد الحميد (1997): الصحة النفسية للطفل، ط 3 ، دار الفكر ، عمان.
- القاضي ، يوسف مصطفى (1981): الارشاد النفسي والتوجيه التربوي ، ط 1 ، دار المريخ ، الرياض.
- الناشف، هدى (1995 ) : رياض الأطفال، ط 2 ، دار الفكر العربي، القاهرة.


## نۆیەم : پاشکۆکان:

### پاشکۆی (١)

### ناوی پسپۆڕان و شارەزایان بۆ هەڵسەنگاندنی بڕگەکان

| ژ | ناوی پسپۆڕ | پسپۆڕی | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|
| ١ | پ.د.جواد نعمت حسين | پەروەردەی هونەر | زانكۆی سلێمانی/كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٢ | پ.د.نيان نامق صابر | فەلسەفەی پەروەردە | زانكۆی سلێمانی/كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٣ | پ .ی.د. كريم احمد عزيز | پەروەردەی دەروونناسی /ڕێگاكانی وانەوتنەوە | زانكۆی زانكۆی گەرمیان/ كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٤ | پ.ی.د.ڕزگار حمەلاوخالد | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | زانكۆی سلێمانی/ كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٥ | پ.ی.د.ايناس احمد عزيم | سایكۆلۆژیای كلینیكی | زانكۆی سلێمانی/كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٦ | پ.ی.د.گوران ابراهيم صالح | مێژووی هاوچەرخ | زانكۆی سلێمانی كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٧ | پ.ی.د.عبدالصمد احمد محمد | دەروونزانی پەروەردەیی | زانكۆی سلێمانی/كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٨ | پ.ی.د.كارزان محمد عارف | ڕێگاكانی وانە ووتنەوە | زانكۆی سلێمانی/كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٩ | پ.ی.د.نزيره صالح محمد | پەروەردەی تایبەت | زانكۆی سلێمانی/كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Volume:** [1], **Issue:** [1], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12306]
- **Submission Date:** [3/3/2026], **Revised Date:** [3/3/2026], **Accepted Date:** [10/3/2026], **Published Date:** [31/3/2026]